# بانکی پرسیار:

وانە: سیاسەت و سیاسەت نموونەکانی ئاسایش
قۆناغی سێیەم- سمیستەری دووەم
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەت گشتی
زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر
٢٠٢١-٢٠٢٢

**١. بنەما سەرەکییەکانی میتۆدی کۆنستراکتیڤیزم Constructivism باس بکە؟**
**٢. چۆن کۆنستراکتیڤیزم دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە تێگەیشتنی ئاسایش؟ باسی بکە؟**
**٣. سروشت و بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان وەکو دیسیپلینێکی ئەکادیمی لە کاتی سەرهەڵدانییەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە رووبەڕووی مشتومڕی گەورە بۆتەوە، زۆرجار ئەم مشتومڕانە وەکو 'چوار مشتومڕە گەورەکە' لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەناسرێن. باسیان بکە؟**
**٤. ئاسایش وەکوو دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیانە و بەرهەمی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەم رستەیە واتای چییە؟ روونی بکەوە؟**
**٥. گوتوبێژی گەورە لە نێوان کۆنستراکتیڤیستەکاندا هەیە، کۆنستراکتیڤیستەکان پێناسە و چەمکی جیاواز لەسەر پرسە جیاوازەکان بەکاردەهێنن. زۆرجار ئەم جیاوازیانە دابەشدەکرێن بۆ کۆنستراکتیڤیزمی تەقلیدی ( conventional constructivism) و کۆنستراکتیڤیزمی رەخنەیی (critical constructivism). باسیان بکە؟**
**٦. بۆچی هەندێک سەیری کۆنستراکتیڤیزم دەکەن وەکوو رێگایەکی ناوەڕاست لە نێوان رێبازە تەفسیرییەکان (interpretivism) وەکوو پۆست-مۆدیرنیزم، پۆست-ستراکچەرالیزم، تیۆری رەخنەیی، هەروەها لەگەڵ رێبازە راشنالیستییەکانی وەکوو ڕیالیزم و لیبڕالیزم، یاخود لە نێوان تیۆری رەخنەیی و تیۆری راشنالیزم؟**
**٧. کۆنستراکیڤیزم بە گشتی رەتی میتاتیۆری (metatheory) و بنەما تیۆرییەکانی راشنالیزم دەکەن لە تیۆریزەکردنی ئاسایشدا، ئەمە زیاتر روون بکەوە؟**
**٨. پێکهاتە(بونیاد) و بکەرەکان لەلای کۆنستراکتیڤیستەکان چ واتایەکیان هەیە؟**
**٩. پەیوەندیی نێوان بونیاد-پێکهاتە و بکەرەکان، کۆنستراکتیڤیستەکانی گەیاندە چ دەرەنجامێک؟**
**١٠. لە روانگەی کۆنستراکتیڤیستەکان *ناسنامە چۆن ئاسایش و بەرژەوەندییەکان درووست دەکات؟***
**١١. لەگەڵ ئەوەی هەموو کۆنستراکتیڤیستەکان هاوڕان لەسەر سێنتراڵێتی ناسنامە لە دروستکردنی ئاسایشدا، قوتابخانە و ڕوانگە جیاوازەکانی**

کۆنستراکتیڤیزم پەیوەندیی نێوان ناسنامە و ئاسایش بە شێوەیەکی تەواو جیاواز دەبینن. ئەمە زیاتر روون بکەوە؟

١٢. کۆنستراکتیڤیزم پێیوایە لە کاتی کارلێککردن لەگەڵ یەکدیدا، وڵاتەکان ناسنامەیەک بۆخۆیان پەیدا دەکەن و هەروەها ناسنامەیەک بە ئەوانی دیکە دەبەخشن. ئەم ئەرگیۆمێنتە شرۆڤە بکە؟

١٣. گرینگیدان و پێزانینی پەیوەندیی ناسنامە بە ئاسایش لەلای کۆنستراکتیڤیستەکانەوە بووە هۆی گەیشتن بە گریمانەیەکی جەوهەری، ئەو گریمانەیە چییە؟

١٤. لە گرینگترین رەهەندە هزرییە ناماددییەکانی جیهانی سیاسەت لە لایەن کۆستراکتیڤیستەکان بە گرینگەوە وەرگیرابێت بریتییە لە 'نۆرمەکان'. پێناسەی بکە و پاشان پەیوەندی بە ئاسایش روون بکەوە؟

١٥. رەخنە سەرەکییەکان لە کۆنستراکتیڤیزم بخەروو؟

١٦. بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن بخەروو و باسیان. بکە؟

١٧. هزری سەرەکی ئەو قوتابخانەی کۆپنهاگن بریتییە لە شیکردنەوەی چۆنیەتی کارکردنی ئاسایش لە جیهانی سیاسەتدا. کارە سەرەکییەکانی بریتین لە چی؟

١٨. لەگەڵ فراوانکردنی بوار و ماناکانی ئاسایش، قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیوایە ئاستێکی دیاریکراوی هەڕەشە، دەبێتە هۆی پرسە جیاوازەکان بە پرسی ئاسایش ببیندرێن. راستە هەڕەشەکان دەکرێت لە شوێنی جیاوازاوە سەرهەڵبدەن. ئەمە روون بکەوە؟

١٩. قوتابخانەی کۆپنهاگن چەمکی ئاسایشی فراوانکرد و گەشەی پێدا بە مەبەستی لە خۆگرتنی نەوەک تەنها بابەتە سەربازییەکان، بەڵکوو بابەتە سیاسی، ئابووریی، ژینگەیی و کۆمەڵگاییەکان. ئەم بابەت و بوارانەن کامانەن؟

٢٠. لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە هەڕەشە دەتوانرێت شیبکرێتەوە لە چەند ڕوویەکەوە، بەم پێیەش ئاسایش چەند ڕەهەندی سەرەکی و جیاوازی هەیە وەکوو کامانە؟

٢١. ڕەهەندی سەربازی ئاسایش لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە باس بکە؟

٢٢. ڕەهەندی سیاسی ئاسایش لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە باس بکە؟

٢٣. ڕەهەندی کۆمەڵگەیی ئاسایش لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە باس بکە؟

٢٤. ڕەهەندی ئابووریی ئاسایش لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە باس بکە؟

٢٥. ڕەهەندی ژینگەیی ئاسایش لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە باس بکە؟
٢٦. لە دیارترین نیگەرانییەکانی قوتابخانەی کۆبنهاگن لەسەر چەمکی هاوچەرخی ئاسایش ئەوە بوو 'نەتەوە' و 'دەوڵەت' لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان هاوواتای یەکتر نین. ئەمە روون بکەوە؟
٢٧. هەڕەشە لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگندا هەڕەشەیەکە راستەوخۆ دەبێتە پەکخستنی سەروەری دەوڵەت. بەو شێوەیە دەکرێت بگووترێت لە هەر سێکتەرێک، لە هەر کاتێکی دیاریکراو، رەنگە ببێتە گرنترین پرس. ئەم گریمانەیە زیاتر دەوڵەمەند بکە؟
٢٨. ئاسایش و بە ئاسایشیکردن لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن شرۆڤە بکە؟
٢٩. چەمکی بەئاسایشیکردن (securitization) و چەمکی بە نائاسایشیکردن (desecuritization) پێناسە بکە؟
٣٠. ئەم رستەیە تەواو بکە: سەرکەوتنی پرۆسەی بە ئاسایشکردنی پرسێک بریتی دەبێت لە....
٣١. دیزاینکردن و نەخشاندنی هەڕەشە لە شێوازێکی گووتارییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە زیاتر ڕوون بکەوە؟
٣٢. "تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی" لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن شرۆڤە بکە؟
٣٣. گریمانەی سەرەکی باری بۆزان و هاوکارەکانی دەربارەی تیۆریی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی چییە؟ باسی بکە؟
٣٤. بیرمەندانی قۆتابخانەی کۆپنهاگن پێیانوایە کە لە جیهانی پاش جەنگی سارد ئاستی هەرێمیی ئاسایش گرنگی تایبەتی هەیە و چیتر جیهان بۆ دوو جەمسەر دابەش نابێت، چۆن؟ روونی بکەوە؟
٣٥. "بۆزان و ویڤەر" لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی چەمکگەلێك وەکو نزیکی و دراوسێیەتی یاخود هاوسنووریی جوگرافیایی(Geographical Proximity)، مێژووی هاوبەش، مۆدێلی دۆستایەتی و دوژمنایەتی و شێوازەکانی بەئاسایشیکردن و فاکتەرەکانی کەلتووری. بۆیە بەگشتی فاکتەری جوگرافیا و مێژوویان هێنایە ناو شیکردنەوە و خوێندنەوە ئاسایشییەکان. ئەمە زیاتر رون بکەوە؟
٣٦. "بۆزان و وەیڤەر" بەشێکی زۆر لە هاوپەیمانییەتی و هاوڕابوونی ئەوروپییەکان یاخود ناکۆکییەکانیان، هەروەها ململانێیەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چی دەگەڕێننەوە؟
٣٧. لە ڕوانگەی بۆزان و وەیڤەرەوە (کە لە مۆدێلی ئاسایشیی "ئەلێکساندر ونت" وەریانگرتووە)، تیۆریی کۆمەڵەی هەرێمیی ئاسایشی لەگەڵ هەر جۆرە تێگەیشتنێك لە ئاسایش گونجاوە. باسی بکە؟

٣٨. ئەم رستەیە تەواو بکە: تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی دەریدەخات کە چۆن نیگەرانییە ئاسایشییەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە لە پێکهاتەیەکی هەرێمیدا، کە تێیدا هاوسنووری جوگرافی لە هەر شتێکی دیکە گرنگترە، لەسەر ئەم بنچینەیە دەتواندرێت تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: ....

٣٩. بەشێوەیەکی گشتی، هەردوو چەمکی "ئاسایشی بەکۆمەڵ" و "بەئاسایشیکردن" سەریکێشا بۆ تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی. چۆن و بەچ شێوەیەک؟

٤٠. زۆربەی رەخنەکان لەسەر قوتابخانەی کۆپنهاگن لە لایەن شارەزاکانی زانکۆی ئەبەریستویتز لە وێلزەوە سەریان هەڵداوە. ئەو رەخنانە کامانەن؟

٤١. پێکهاتە و بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە بواری ئاسایشی سەربازی بخەروو؟

٤٢. باس لە کاریگەری تیرۆر: داعش و گروپە تیرۆریستییەکان لەسەر ئاسایشی سەربازیی هەرێمی کوردستان بکە؟

٤٣. باس لە کاریگەری ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و ئێران لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاسایشی سەربازیی هەرێمی کوردستان بکە؟

٤٤. باس لە کاریگەری هێزی چەکداری حزبەکان چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستان هەیە؟

٤٥. باس لە کاریگەری میلیشیاکانی عێراق لەسەر ئاسایشی سەربازیی هەرێمی کوردستان بکە؟

٤٦. دیاردەی چەکداریی خەڵکی مەدەنی چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستان هەیە؟

٤٧. پێکهاتە و بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە بواری ئاسایشی سیاسی شرۆڤە بکە؟

٤٨. باس لە کاریگەری ململانێی سیاسی و دابەشبوونی توندی حزبی لەسەر ئاسایشی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکە؟

٤٩. ململانێی ئەمریکا و ئێران چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەیە؟

٥٠. پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق: ناکۆکی و پرسە هەڵپەسێردراوەکان چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەیە؟

٥١. باس لە کاریگەری پەیوەندی راستەوخۆی حزب بە دەوڵەتان و پەیوەندی وڵاتان بە حزبەکان لە ناوخۆی کوردستان لەسەر ئاسایشی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکە؟

٥٢. پێکهاتە و بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە بواری ئاسایشی کۆمەڵگەیی شرۆڤە بکە؟
٥٣. مادە هۆشبەرەکان چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان هەیە؟
٥٤. باس لە کاریگەری قەیرانی ناسنامە: ململانێ و ناکۆکی سیاسی، کەلتووری، ئایینی و نەتەوەیی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان بکە؟
٥٥. جیلی نوێ و لێکترازنە کۆمەڵایەتییەکان چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان هەیە؟
٥٦. باس لە کاریگەری ئاوارە و پەنابەر لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان بکە؟
٥٧. پێکهاتە و بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەبواری ئاسایشی ژینگەیی شرۆڤە بکە؟
٥٨. باس لە کاریگەری هەڕەشە ژینگەییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکە؟
٥٩. پرسی ئاو چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان هەیە؟
٦٠. سیاسەتی ئاوی تورکیا و ئێران بە چ شێوەیەک و چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان هەیە؟
٦١. باس لە کاریگەری سیاسەتی ناوخۆیی لە بواری "ئاو" لەسەر ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان بکە؟
٦٢. نەخۆشییەکان و تەندروستی: ڤایرۆسی کۆرۆنا(Covid-19) وەک نموونە چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە؟
٦٣. پێکهاتە و بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە بواری ئاسایشی ئابووری شرۆڤە بکە؟
٦٤. باس لە کاریگەری ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی پشتبەستن بە ئابووری تاک بەرهەمی هەناردە کردنی نەوت و غاز: ئابووری کرێخۆر (Rent economy) لەسەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان بکە؟
٦٥. دەتوانین شەش کێشەی سەرەکی لە بەردەم پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستاندان دەستنیشان بکەین، باسیاب بکە؟
٦٦. پرسەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان کامانەن؟
٦٧. پرسی بێکاری چۆن کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان هەیە؟
٦٨. هەژاری چ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان هەیە؟

٦٩. ئاسایشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆچی گەنجان هەیە؟
٧٠. کاریگەری پرسی گەندەڵی لەسەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان شرۆڤە بکە؟
٧١. پشت بەستن بە بودجەی عێراق چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان هەیە؟
٧٢. بەچەند نموونەیەک کاریگەریی سیاسەتی ئابووری و داراییی عێراق لەسەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کورستان روون بکەوە؟
٧٣. کەلتووری ستراتیژیی عێراق چ پەیوەندییەکی بە ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە؟
٧٤. بەشێوەیەکی گشتی دارِشتنی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی بە سێ قۆناغدا تێپەرِ دەبێت، باسیان بکە؟
٧٥. کەلتووری ستراتیژی پێناسە بکە؟
٧٦. بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی وردتر بۆ بڕیاری سەربازی و ئاسایشیی دەوڵەتان بکەین، پێویستە گرنگی بە فاکتەرەکانی کەلتووری ستراتیژیی دەوڵەتان لە سێ ئاست بدەین، باسیان بکە؟
٧٧. سەرەڕای لەسەرکاربوونی هەر دەسەڵاتدار و جۆری سیستەمی سیاسی لە عێراق، دەتوانین ئەم کەلتووری ستراتیژیی عێراق بەم شێوەیە بە چ شێوەیەک پۆلین بکەین؟
٧٨. پرسەئاسایشییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بخەروو؟
٧٩. ستراتیجی تورکیا لە عێراق دوای ٢٠٠٣ شرۆڤە بکە؟
٨٠. لە روانگەی ئاسایشییەوە تورکیا چی دەوێت لە هەرێمی کوردستان؟
٨١. بەربەستەکانی بەردەم پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان کامانەن؟
٨٢. ریفراندۆم وەک وێستگەیەک بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان شرۆڤە بکە؟
٨٣. ئەم رستەیە شرۆڤە بکە: پەیوەندیەکانی ئەنکەرا و هەولێر سەرەتا ئاسایشیە ئینجا ئابورییە.
٨٤. فاکتەرە ئاسایشییەکانی کاریگەر لەسەر پەیوەندی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان بخەروو؟
٨٥. باس لە *تیۆریی هاوسەنگی هەرەشە بکە؟*
٨٦. سەرچاوە و فاکتەرەکانی هێزی هەرێمی کوردستان بخەروو؟
٨٧. دڵەراوکێی ئاسایشییەکانی ئێران لەهەمبەر هەرێمی کوردستان بەپێی تیۆریی هاوسەنگی هەرەشە کامانەن؟ باسیان بکە؟

٨٨.	دڵەراوکێی ئاسایشی و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پەیوەندی هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کامانەن؟ بیانخەروو و شرۆڤەیان بکە؟
٨٩.	توانا و فاکتەرەکانی گوشاری کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر هەرێمی کوردستان-عێراق چین؟ باسیان بکە؟
٩٠.	ستراتیژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە؟
٩١.	بنەماکانی ستراتیژی ئاسایشی نوێی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخەروو؟
٩٢.	ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە ڕێککەوتنی وزە لەگەڵ کوردستان کامانەن؟
٩٣.	دەرفەت و هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕووسیادا چین؟ باسیان بکە.
٩٤.	گرنگیی فەڕەنسا بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان چییە؟
٩٥.	باس لە سیاسەت و ستراتیژیی نوێی فەڕەنسا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکە؟
٩٦.	گرنگیی هەرێمی کوردستان بۆ فەڕەنسا چییە؟ شرۆڤەی بکە؟
٩٧.	ئالنگاری و دڵەراوکێ ئاسایشییەکانی فەڕەنسا لە هەرێمی کوردستان چین؟
٩٨.	پەیوەندی نێوان ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسایشی هەرێمی کوردستان شرۆڤەی بکە؟
٩٩.	بە شێوەیەکی گشتی، ئەمریکا لە پاش جەنگی سارد چەند ئامانجێکی ستراتیژیی لە ناوچەکەدا هەبووە، باسیان بکە؟
١٠٠.	فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا لەهەمبەر پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان شرۆڤە بکە؟